خانمی بازگەکانتان لەبیر ماوە؟ لە زیندانی بەغداد گیانی لەدەستدا



شایان نوری عەلی، ئەو خانمە کوردەی گرتەی ڤیدیۆیی لەبازگەکاندا بڵاودەکردەوەو خەی بە پارزەر دەناساند و دەیوت ناسنامەی ئەمریکیم هەیە، لە گرتووخانەیەکی بەغداد گیانی لەدەستدا.

شایان نوری عەلی دوای ئەوەی بەتەمەتی هەرشکردنەسەر چەند دادوەرەکی کەرکووک لەبنکەی پۆلیسی رەحیماوا دەستگیرکراو دواتر بە دوو ساڵ زیندانی سزادرا.

ماوەی نزیکەی ساڵەکە بە گرتووخانەی ژنانی بەغدا گواستراوەتەوە و دوێنێ چوارشەممە هەواڵی گیان لەدەستدانی بڵاوکرایەوە، بەڵام هەشتا هیچ رونکردنەوەیەکی فەرمی لەبارەی هۆکاری گیانلەدەستدانی بڵاونەکراوەتەوە.

زانیاری زیاتر...

شایان عەلی بە ماددەی 413 و لەسەر سکاڵای دوو دادوەری دادگە دەستگیرکرابوو بە تەمەتی هەڕەشە و سوکایەتیکردن بە دادوەرکانی دادگە، لە مانگی تەمووزی ساڵی ڕابردوو 2023 سزای زیندانیکردنی بە ماوەی دوو ساڵ بەسەردا سەپێندرا.

بەگوێرەی زانیارییەکان، شایان پەشتر بەهۆی دەسیەی جیابوونەوە لە هاوسەری پەشووی و لە ئەستەگرتنی

منداڵکێی لە دادگە بووە و بە مەبەستی ڕاییکردنی کاروبارێکانی لەسەر ئەو دەسیە سەردانی دادگەی کردووە، لە دادگای کەرکووک لەگەڵ دوو دادوەر بووە دەمەقاڵی و لە مانگی حەوتی ساڵی ڕابردوو 2023 سزای دوو ساڵ زیندانی بەسەر سەپێنرا.